**S.K.S.N**

**یەکێتی نوسەرانی کورد لە هۆڵەندە**

پێویست بونی ڕێکخراو  یان دامەزراوێک وەک بنکەیەکی روناکبیری تایبەت بە نوسەرانی کورد لە هۆلەندە و  بایەخدانی بە کۆکردنەوە و نزیک خستنەوەی زیاتری خاوەن خامەکان لەیەک و هەوڵدان بۆ ڕێنمایی و هاندانی هە موو ئەو ئەو خاوەن خامە لاوانەی بە زمانی کوردی یان هۆڵەندی دەنوسن ، هەموو ئەمانە وەک پێداویستیەکی خۆیی و بابەتی و پاش چەندین پەیوەندی و چاوپێکەوتن و کۆبونەوە لە نێوان کۆمەڵێک لە روناکبیراندا لە دانیشتنی رۆژی 2 / 4 /2005 بریار درا یەکێتی نوسەرانی کورد دابمەزرێنرێت و هەوڵی تەواو بدرێت کارەکانی یاسایی و مۆڵەت وەرگرتنی جێبەجێ بکرێت، دەرئەنجام توانرا خەرجی پێویست بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بە فەرمی ئامادە بکرێت و لە **رۆژی 15 مارت/ 2007** بریاری دادنوسی رۆتەردام بە ژمارە **2007.0007.360** وەرگیراو پاشان لە ژوری بازرگانی رۆتردام بە ژمارە **24411462** لە **2007/3/21** تۆمار کرا .

**S.K.S.N**

**یان یەکێتی نوسەرانی کورد**:ماڵی هەموو ئەدیب و نوسەرێکی کوردە، سەربەخۆیە لە بریار و پەیوەندیەکانیدا، هاوکار و هاندەری هەموو خاوەن خامەیەکی لاو و نوێیە، سنوری چالاکیەکانی .. گێرانی کۆڕ و کۆبونەوەی ئەدەبی و روناکبیری لە سنوری هۆڵەندە و دەرەی هۆڵەندە.

**خاوەنی ماڵپەڕی – خامەی نوسەران - ە .**

بۆ بون بە ئەندام لە ئێس . کەی. ئێس. ئێن پێویستە فۆرمی ئەندامیەتی پڕ بکرێتەوە، هاوکاری و ڕێنمایی کردن و هەڵبژاردن بۆ بەشداری کردن لە چالاکیەکاندا پێش هەموو کەس بۆ ئەندامان دەبێت.

بیرۆی یەکێتی نووسەرانی کورد لە شاری رۆتردام - ە.

رۆژانی **سێ شەمە و هەینی** بیرۆی نوسەران کراوەیە لە کاژێری **11.00 تا 3.00** ی پاش نیوەڕۆ

بۆ هەر پەیوەندیەکی تر دەتوانرێت لە رێی – تەلەفون یان ئیمایل - ەوە - دیداری تر دیاری بکرێت.

**Stichting Koerdische Schrijvers in Nederland**

**Adres:’ S – Gravendijkwal  28**

**3014 EC Rotterdam**

**Postbus: 3029 , 3003 AA rotterdam**



**دکتۆر جەمیل شەرەف**
**سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی کورد**
**لە هۆلەندە**



**سەردار فەتاح ئەمین**



**هیوا سەرهەنگ**



**خالە بەکر**



**محەمەد جەزا بەرزنجی**